# بانگەوازی لە KADEK وە بۆ ڕاپەڕین!

**ئاژانسی دەنگوباسی دیجلە/ ئاژانسی دەنگوباسی میزۆپاتامیا/ ئاژانسەکانی هەواڵ:**

دوێنێ دوای ئەوەی بۆ یازدەمین هەفتە ڕێگا بە پارێزەر و کەس و کاری (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) ی سەرۆکی گشتی کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان KADEK نەدرا، کە بچنە دوورگەی ئیمراڵی و چاویان پێیبکەوێت، کۆنسەی سەرۆکایەتی گشتی کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستانKADEK، کە دواکات ڕۆژی 15ی شوباتی بۆ حکومەتی تورکیا دەستنیشان کردبوو بۆ هەڵگرتنی گۆشەگیری و سەر (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) ی سەرۆکی گشتیان، هەر بۆیەکە دوێنێ کە ڕێگا نەدرا ڕەوشی ئۆجەلان بزانرێت، لەم بارەیەوە کۆنسەی سەرۆکایەتی گشتی KADEK لێدوانێکی نووسراویان بۆ سەرجەم گەلی کورد و رای گشتی جیهان بڵاوکردەوە و، بەپێی ئەو بەیاننامەیەش قۆناغی یەکلایەنەی ئاشتی KADEK کە بەفیداکارییەکی مەزن تا ئێستا بەڕێوەچووە، بەو ڕاگەیاندنە کۆتایی هات. . !

کۆنسەی سەرۆکایەتی گشتی KADEK بڕیاری خۆی بۆ قۆناغی نوێ ئاشکرا کرد، کە کاریگەری بەسەر سیاسەتی کوردستان و، تورکیا و، هەرێمەکە و، جیهانیشەوە دەبێت.

کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان KADEK پێشتر بە بانگەوازی هەنگاو بۆ ئاشتی بنێن، نەك تەنیا تورکیا و هاوپەیمانانی، هەروەها وڵاتانی هەرێمەکەشی وشیار کردبۆوە، بەڵام KADEK لەبەر ئەوەی وەڵامی بانگەوازیەکەی نەدرایەوە، ڕایگەیاند کە بەرپرسیاریێتی شەڕێکی نوێش، لە ئەستۆی ئەو هێزانەدایە.

KADEK لە لێدوانەکەدا بە بیردێنێتەوە کە هەوڵی ئاشتی 4 ساڵ لەمەوبەر، لەلایەن سەرۆکی گشتییان بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان، دەستی پێکردووە و لەلایەن گەلی کوردەوە، پەسەند کراوە، ئێستای ڕووبەڕووی تێکشکاندن دەبێتەوە. بۆیە KADEK گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو پرۆسەی ئاشتیەی 4 ساڵە بەڕێوەدەچێت، بن بەست بووە و قۆناغی سەپاندنی شەڕ بەسەریاندا دەست پێدەکات، بەو ئەنجامەش بڕیار درا، کە گەلی کورد شەڕی بەرگری ڕەوا بکاتە بابەتی باس و ڕۆژەڤی خۆیەوە.

هەروەها لە لێدوانەکەی KADEK دا دەست نیشان دەکرێت کە بە سیاسەتی گۆشەگیری و هەوڵی داگیرکردنی باشوری کوردستان، پرۆسەی ئاشتی لە ئارادا ناهێڵرێت و، گەلی کورد، قۆناغی یەکلانەیەی ئاشتی، تا ئێستا بەڕێوەبردووە، ئیدی مەحاڵە لە ئێستا بەدواوە، ، پێك بێت.

KADEK لە لێدوانەکەدا دەڵێت لەبەر ئەوەی گەلی کورد بەشەڕی بەرگری ڕەوا، لەبەرامبەر ئەو ڕاگەیاندنەی شەڕ ڕاوەستێت، پێویستە باش بزانرێت، کە ئەوە داخوازی گەلی کورد نیە، بەڵکو بەسەر گەلی کورددا دەسەپێنرێت.

هەروەهاKADEKدەستنیشان دەکات: کە سەرهەڵدانی دیموکراتیانە وەك بنەمای قۆناغی ڕزگاری دیموکراتیانە درێژەی دەبێت. بەو پێیە کادەك پەیوەستە دەبێت بە هەڵوێستی ستراتیژیانەی کە لە کۆنگرەی خۆیدا، دەست نیشانی کردبوو، هەر بۆ ئەوەش گوڕ بە تیکۆشانی سیاسیانە دەدات و سەرهەڵدان بەهێزتر دەکات، واتە لە قۆناغی نوێدا گەلی کورد بۆ شەڕی پاراستنی ڕەوا و ڕابونی دیموکراتیانە لە ناو هەناوی یەکدا بەڕێوەدەبەن. شەڕی بەرگری ڕەوا بە پێی ئەو ڕووداوانەی دێنە ئاراوە لە کاتێکدا کە گونجاو ببینرێت، ئەنجام دەدرێت، تا کەوتنەوەی شەڕیش بۆ ڕێ کردنەوە لەسەر پرۆسەی ئاشتی بن بەستبوو درێژە بە هەوڵەکانیاندەدەن. لەو چوارچێوەیەدا ئەگەر تورکیا هەنگاوی ئەرێنی بنێت، ئەوا بڕیاری شەڕی پاراستنی ڕەوا جارێکی تر ڕەچاودەکرێتەوە.

لە هەمان لێدوانی کۆنسەی سەرۆکایەتی گشتی KADEK دا ڕاگەیەنرا، کە سەرۆکی گشتی KADEK عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بزوتنەوەی کورد بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی یەکلایەنەی بە فیداکاریەکی مەزن هەڵسوکەوتی کردووە، بەڵام ئەو هەوڵانە لایەن دەوڵەتەوە باش لێك نەدرایەوە، دەوڵەتی تورکیا ئەو نیاز پاکی ئێمەی خراپ بەکارهێناوە و، بانگەوازی ئاراستەی گەلی کوردیش کرد، کە خۆیان بۆ شەڕی بەرگری ڕەوا ئامادە بکەن.

کۆنسەی سەرۆکایەتی گشتیKADEK دەڵێت: گەلی کورد هیچ کاتێك ژیانی بێ ئازادی پێ پەسەند نیە و، ڕاستترین وەڵام دانەوە بۆ دیلکردنی ئۆجەلان، گەورە کردنی هەنگاوی ڕاپەڕینی دیموکراتیانەیە.

KADEK بەم شێوەیە بانگەوازی گەلی کورد دەکات: ئێمە بانگ لەهەموو گەلی کورد لە هەرچوارپارچەی کوردستان و، مەترۆپۆلەکان و، کوردەکانی تاراوگە دەکەین کە چالاکی سەرهەڵدانی دیموکرتیانە بەهێزتر بکەن. هەروەها بانگەوازی ئاراستەی

لاوانیش کرد و دەڵێت: پێویستە لاوانی کورد ڕوو لە چیاکان بکەن و، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش لەبواری ماددی و مەعنەویدا پشتگیری لە بەرگری ڕەوا بکەن.

هاوکات KADEK بانگەوازی ئاراستەی گەلی کورد کرد و، ئەو ئەرکانەی کە لە ڕۆژی 15 شوباتدا و دوای ئەو ڕۆژە پێویستە لە ئەستۆ بگیرێت دەست نیشان کرد:

گەلی کوردستان لەو ڕۆژەدا با پۆشاکی ڕەش بپۆشن، ڕۆژوو بگرن، خوێندکاران نەچنە خوێندنگە، کاسبکاران دوکانەکانیان داخەن و، کرێکارانیش نەچنە سەر کار، گەلی کورد لە شەوی 15 لەسەر 16ی شوباتی 2003 و، لەکاتژمێر 7 ی ئێوارە تا 7 و نیو، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر ڕووناکیەکانیان بکوژێننەوە. هەروەها KADEK داوای کرد، بەتایبەتی ژنان و لاوان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا چالاکی پرۆتستۆیی لەو ڕۆژەدا سازبکەن.

KADEK دەڵێت: دەبێت ئەو قۆناغە تا پیرۆزباییەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بگاتە ئاستی بڵند و، لە ڕۆژی لەدایك بوونی عەبدوڵلا ئۆجەلاندا وساڵرۆژی سازبوونی کادەکدا لە 4 نیسان تا 1 گوڵان دەگاتە لوتکەی خۆی.

هەر لەو چوارچێوەیەدا KADEK داوا لە ڕای گشتی نێونەتەوەیی دەکات، کە لە بەرامبەر ئەو ڕەوشە هێرشکارانەی تورکیا، هەڵوێستێکی توند نیشان بدەن و، بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی، پشتگیری لە تێکۆشانی ئازادی گەلی کورد بکەن. کۆنگرەی ئازادی دیموکراسی کوردستان KADEK ڕایگەیاند کە لە قۆناغی نوێدا گەلی کورد شەڕی بەرگری ڕەوا و، ڕاپەڕینی دیموکراتیانە لە ناو هەناوی یەکدا بەڕێوەدەبەن.

کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان KADEK لە لێدوانەکەیدا دەست نیشانی دەکات کە چۆن گەیشتۆتە قۆناغی نوێ و، ، بۆچی شەڕی بەرگری ڕەوا دەبێتە بابەتی ڕۆژ بە فراوانی شی دەکاتەوە. بەو پێیە لایەنی کوردی یەکلایەنانە و فیداکارانە پێی لەسەر پرۆسەی ئاشتی داگرت و بەرەو پێشەوەی برد، هاوکات بۆ ئەوەی ئاشتیەکی هەمیشەیی پێش بکەوێت و هەنگاو بنرێت، بناغەیەکی دارشت. هەر لەو پێناوەشدا PKK هێزی چەکداری لە هەرێمەکە کێشایەوە، چەکی بەکارنەهێنا و زیاتر کاری سیاسی کرد. لەکاتێکدا کە تورکیا ڕووبەڕووی قەیرانی سیاسی و ئابوریە، PKK بۆ گۆڕانکاری و وەچەرخان هەنگاوی گرنگی نا، گروپی ئاشتی ڕەوانەی تورکیا کردەوە، ئامادەکاری قۆناغی ئاشتی کرا و پێشکەش بە تورکیا و ڕای گشتی نێونەتەوەیی کرا، گەلی کورد بە تەواوی هێڵی ئاشتی پەیرەو کرد و لە ئاست هەر گێرەشێوێنیەك، بەهەستیاریەوە جوڵایەوە، بەڵام لە سیاسەتی نکوڵی و لەناوبردن هیچ گۆڕانکاریەك بەدی نەکرا. ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەوڵەتی تورکیا هەرچەندە کەمیش بووبێتەوە، بەڵام ئەنجام دران و لەئاکامیشیدا ژمارەیەکی زۆری گەریلا، ژیانیان لەدەستدا. هەروەها کردەوەی بکەری نادیار هەرچەندە کەمیش بووبێتەوە، بەڵام بەردەوامە، بە سەدان کەس لەپای کاری سیاسی دەستگیرکراون، بەهەمان شێوە ئەشکەنجە و هەڵویستی نابەجێ، بەڕێوەدەبرێت.

KADEK دەڵێت: بڕیارەکانی 2 ئۆگۆستۆسی1999ی ئێمە، بۆ هاودەنگی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا هەنگاوی باش بوون بەڵام پراکتیزە نەکران. هەروەها لە یاساکاندا سزای لەسێدارەدان هەڵگیرا، بەڵام لەشوێنیدا گۆشەگیری توند پەیرەو دەکرێت و، بۆ پەروەردەی زمانی دایك مۆڵەت درا، بەڵام لە 6 مانگی رابردوودا ئەوانە هەموو لەیاد کران.

KADEK ڕادەگەیەنێت: دەبێت ڕای گشتی نێونەتەوەیی لەکاتێکی وا بە هەستیاریەوە هەڵسوکەوت بکەن ئەمریکا و ئینگلتەرا کە ڕۆڵی سەرەکیان لە پلانگێری نێونەتەوەیی دا هەبووە نەك هەڵوێسیتان لەمەڕ هەوڵی ئاشتی نییە، بەڵکو پشتگیری لە هەڵویستی هێرشکارانەی تورکیا دەکەن.

دوای ئەوەی یەکێتی ئەوروپا پەکەکەی خستە لیستەی تیرۆرەوە. KADEK لەلایەن ئەمریکاوە، وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریست ڕاگەیەنرا. یەکێتی ئەورووپاش بەسیاسەت و کردەوە ناڕوونەکانی هێڵێکی بەڕێوەبرد، کە هێز بە هەڵوێستەکانی تورکیا دەدات، ئەوەش بووە مایەی ئەوەی هەوڵی ئاشتی ڕاوەستێت و، بەهۆی قەیرانی عێراق، شەڕێکی تری نوێ ببێتە جێی باس.

کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان KADEK لە لێدوانەکەیدا، ، پەیوەندی ڕوداوەکانی ئەم دواییە و مەسەلەی عێراق دەست نیشان دەکات، کە شەڕێکی نوێ لە بەردەم دەرگای هەرێمەکەیە، تورکیا ئەوە وەك هەل دەقۆزێتەوە و، دەخوازێت کاریگەری خۆی زیاتر بکات.

KADEK لە لێدوانەکەیدا دەڵێت: شەڕی عێراق کاریگەریەکی نێگەتیڤ لەسەر تەواوی هەرێمەکە دەکات. لەو چوارچێوەیەدا تورکیا شەڕی ئەمریکا لە دژی عێراق وەك دەرفەتێك دەبینێت و، پێی وایە بۆ قڕکردنی کورد، دەرفەتێکی دەستکەوتووە و، هەر بۆئەوەش خۆی بۆ داگیرکردنی هەرێمەکە ئامادەکات و، تورکیا ڕادەگەیەنێت کە بە هەرچی بیانویەك دەبێت ئەوان، ڕێ نادەن کورد ببنە خاوەن قەوارە و، بەرەیەکی تەواو دژبە کورد سازدەکات. هەروەها تورکیا لە هەرێمەکە یەکە سەربازییەکانی خۆی زیاتر دەکات

و، ئامادەکاری شەڕێکی فراوان دەکات. هاوکات لەنێوان تورکیا، ئێران و سوریا، لەسەر بنەمای دژایەتی کردنی بزوتنەوەی ئازادی گەلی کورد پەیمانی ئاشکرا و نهێنی مۆرکراوە. وەك ئەنجامیش لەم ماوەیەی دواییەدا هەریەکە لەئێران و سوریا، گوشاریان بۆ سەر KADEK زیاتر کردووە. ئێران لەبەرامبەر هێزەکانی KADEK ئۆپەراسیۆنی فراوانی سەربازی بەڕێوەبرد. هەروەها ئێران و سوریا، لە بەرامبەر داخوازی ئازادی و دیموکراتیانەی گەلی کورد شێوازی چەوساندنەوە بەڕێوەدەبەن. هەروەها وەك لە هەموو قۆناغەکاندا، ، کاتێ ئازادی و مافی کورد باس دەکرێن، ، پەیمانی کۆنەپەرستانە و قەوارە پارێزی خۆیان دووبارە دەکەنەوە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org